## دوورخەرە چییە؟

## نووسینی، لیندسەی یانکۆڤیچ

## وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە، حسێن محەمەد

## دوورخەرەی نەشتەرگەری، جۆرەکانی، بەکارهێنانی، بژاردەکان

ئەم کەرەستەیە یاریدەی نەشتەرگەر و کارمەندانی ژووری نەشتەرگەری دەدات لەکاتی نەشتەرگەریدا بڕین ئەنجام بدەن و برین بکەنەوە. هەروەها ڕۆڵیشی هەیە لە گرتنی ئەندام و شانە بنەڕەتییەکان و ڕێ خۆش دەکات تا پزیشک و پەرستاران باشترشوێنی مەبەست ببینن و دەستیان بگاتێ.

دوورخەرەی چاک و کەرەستەی ڕووناکیدەری پزیشکیی دەمودەست ئەو کەلێنی نەشتەرگەرییە بە پێی پێویست پڕ دەکەنەوە. گەر تۆ پزیشکیت، لەوانەیە خولی نەشتەرگەریت هەبێت و لات سەخت بێت، توی نەخۆشیش باشترین چاودێریت پێویستە.

دوورخەرە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی لەبواری نەشتەرگەریدا هەیە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەم کەرەستەیە قەبارەی جیاواز و شێوەی جیاواز و نەخشە(دیزاین)ی جیاوازی هەیە. دوورخەرەی ڕووناکیدەری نەشتەرگەری دەکرێت ڕێ بۆ نەشتەرگەر خۆش بکات تا باشتر لە کەلێنە وورده قووڵەکاندا بگەڕێت. باشتر بینین لەکاتی یان دوادوایی نەشتەرگەری بۆ هەردووک تیمی نەشتەرگەری و نەخۆشیش بەکەڵکە.

زۆربەی کەرەستەکانی نەشتەرگەری دەکرێت بۆ چوار بەشی سەرەکیی پۆلێن بکرێن:-

١-بڕین و توێ کردن

٢-توند کردن و داخستن

٣-بەرز گرتن و پیشان دان

٤-گرتن و هەڵگرتن

جا با باسی جۆری سێیەم بکەین و ئەو کەرەستانەیش بخەینە ناوان ئەمڕۆ بەکاردەهێنرێن و لێکچوون و جیاوازییان هەیە.

### دوورخەرەی نەشتەرگەری و ئەو نەشتەرگەرانەی پێی ئەنجام دەدرێت

دیارە دوورخەرە هەموویان یەک جۆر نییە و گرنگە کار بە جۆرێکی گونجاو بکەین.

دوو چەشنی دوورخەرەمان هەیە:-

١-دوورخەرەی دەستی، ئەمەش دەبێت کادرێکی پزیشکی، ڕۆبۆتێک یان نەشتەرگەر لەکاتی نەشتەرگەریدا هەڵیگرن.

٢-دوورخەرەی خۆڕاگر، ئەمەش بەرەزمانە یان جۆرە گیرەی هەیە تا بەخۆی شانەی لەش بگرێت. ئەم جۆرە ڕێ بۆ نەشتەرگەر خۆش دەکات سەربەستانە هەردوو دەستی بجوڵێنێت.

دووخەرە لە پۆلێنی کەرەستەکانی " بەرز گرتن و پیشان دان"دا جێگەی دەبێتەوە، کە لەژووری نەشتەرگەریدا بەکاردەهێنرێت. خۆی جۆرە جیاوازەکانی کەرەستەی دوورخەرە بەپێی ئەو ئەندامانەی لەگەڵیان بەکارهێنراون، ناونراون. بۆ نموونە ئەو دوورخەرەی بۆ کشانەوەی ورگ بەکاردەهێنرێت، پێی دەووترێت 'ورگ دوورخەرە' یان 'ورگ دوورخەرەی خۆڕاگر'. گەر پێست بیگرێت، پێی دەووترێت'دوورخەرەی تایبەتی پێست'.

## جۆرە باوەکانی دوورەخەرەی دەستیی

١-سێن، ئەمەش دوورخەرەیەکی دەستیی دوو سەرەیە، بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ کشانەوەی ڕووکەشی شانە بەکاردەهێنرێت. خۆی بەزۆری لەبواری نەشتەرگەری جوانکاری و ووردە نەشتەرگەری ئێسک و جومگە یان نەشتەرگەری لابردنی بەشێک یان هەموو ڕژێنی پەریزادە یاخود توێکاریی شانەی مل دا بەکاردەهێنرێت.

٢-سەربازی-دەریاوانی، ئەمەش بۆ کشانی بڕینە ڕووکەش و تەنکەکان بەکاردەهێنرێت. هەروەها بۆبڕینی بچووک و نەشتەرگەرییەکانی ورگیش بەکاردەهێنرێت.

٣-دوورخەرەی شریتی (کوتەنێتی)، بۆ کشانی بڕینی قووڵ بەکاردەهێنرێت. دەکرێت بە چەند شێوەیەک بنووشتێرێتەوە تا یاریدەی کشانی شانە بدات.

٤-هۆمان، ئەمەش لەبواری نەشتەرگەری ئێسک و شکاویی بەکاردەهێنرێت تا ئێسک بۆ نەشتەرگەری پیشان بدات.

٥-فەرابیۆف، ئەمەش دوورخەرەیەکی دەستیی هەمە کارەیە، بۆ زۆر نەشتەرگەری بەکاردەهێنرێت. دەکرێت بۆ نەشتەرگەری ددان و مەچەک یان قۆڕیی بەکاربهێنرێت.

٦-مەیەردین، ئەمەش بەزۆری بۆ کشانی شانە و ماسوولکە و برینکارییەکانی بڕبڕە و دەماری وەک لابردنی بەشی پێشتەوەی کەوانەیی بڕبڕە بەکاردەهێنرێت.

٧-دیڤەر، ئەمەش بۆ کشانی بڕینە قووڵەکانی ورگ یان سنگ بەکاردەهێنرێت. بۆ نەشتەرگەری لابردنی توورەکەی زراو و کشانی پلی ڕاستی جگەریش بەکاردەهێنرێت. هەروەها لە توێکاری قەدی سەرەکی ڕەوەندە دەماریش بۆ کشانی پلی چەپی جگەریش بەکاردێت.

٨-ڕیچاردسن، ئەمەش بۆ گرتنی بڕینی ورگ یان سنگ بەکاردێت. هەروەها بۆ کشانی چینە جۆراوجۆرەکانی شانەی قووڵ بەکاردێت. ئەمە یەکێکە لە باوترین دوورخەرە گشتییەکان.

## جۆرەكانی دوورخەرەی خۆڕاگر

١-وێتلێنەر، ئەمەش كەرەستەیەكی باوە، بەگشتی لەبواری نەشتەرگەری بنەڕەتی جوانكاری و هەروەها برینكاری ئێسكی گەورەو بەستەریشدا بەكاردێت.

٢-دوورخەرەی بەلفۆڕ بۆ ورگ، ئەمەش بۆ كشانی لێواری برین لەكاتی برینكارییە قووڵەكانی ورگدا بەكاردێت.

٣-دوورخەرەی فینۆچیەتۆ بۆ پەراسوو بەتایبەت بۆ جیاكردنەوەی پەراسووەكان لەكاتی نەشتەرگەری سنگ بەكاردێت.

٤-سیستەمی دوورخەرەی سمت، ئەمەش بژاردەیەكی زۆری كەرەستەی نەشتەرگەرییە بۆ پسپۆڕییە جیاوازەكان. دوورخەرەی خۆڕاگری سمت بەكارهێنەرەكەی دەست كراوە دەكات، لە كاتێكدا بەرچاوڕوونیی ناوازە بۆ نەشتەرگەری جومگە و شكاویی سمت دەدات.

٥-گێڵپی، بۆ كشانی تەنكە برینە. بەزۆری بۆ شوێنی نەشتەرگەری بچووكتر بەكاردێت. بەگشتیش بۆ نەشتەرگەری بڕبڕەش بەكاردێت.

گەر لەبارەی نەشتەرگەری گشتییەوە قسە بكەین، ئەمانە سێ ڕێگای گریمانەكراون بۆ بڕبڕە لەكاتی نەشتەرگەریدا. ڕێ و جێی نەشتەرگەر بۆ بڕبڕە جۆری ئەو كەرەستەیە دیاریدەكات بۆ نەشتەرگەرییەكە بەكاردەهێنرێت.

گەر نەخۆش ئازاری بەسوێی پشتی هەبێت و پێویست بە حەوانەوە هەبێت، دەكرێت پێشووتر ئەم بژاردانەی زانیبێت:-

## ڕێگا جیاوازەكانی نەشتەرگەری بڕبڕە

١-لە ڕێگەی پێشەوەی بڕبڕە

٢-لە ڕێگەی پاشەوەی بڕبڕە

٣-لە لایەوەی بڕبڕە

بۆ ڕێگەی لایەكە كەرەستەكانی تەنەرەوە بەكەمی بەكاردێن. بۆ چارەسەری ئازاری لاق یان پشت بەكاردێت، كە بەگشتی هۆكارەكەی نەخۆشی تێكچوونی خەپلەیە(دیسك). نەشتەرگەرییەكە لە لایەوەی بڕبڕەی نەخۆش ئەنجام دەدرێت، تا نەشتەرگەر خۆی لە ماسوولكە سەرەكییەكانی پشت خۆی بەدوور بگرێت. كۆن نەشتەرگەرییەكە بە كردنی برینێكی قووڵ لەسەر پشت ئەنجام دەدرا، بەدوورخستنەوەی ماسوولكەكان لە بڕبڕە. خۆی ئەمەش كاتێكی زۆرتری دەخایاند.



دوورخەرەی سێن میللەر، دوو سەرە



دوورخەرەی سوپایی، دەریایی



دوورخەرەی شریتیی



دوورخەرەی هۆمان




دوورخەرەی فارابوف



دوورخەرەی مەیەردین



دوورخەرەی دیڤەر




دوورخەرەی ڕیچاردسن



دوورخەرەی وەیتلاندەر




دوورخەرەی بەلفۆڕ بۆ ورگ




دوورخەرەی فینۆچیەتۆ بۆ پەراسوو



دوورخەرەی سمت



دوورخەرەی گێڵپی

سەرچاوە:-

https://www.lumitex.com/blog/surgical-retractors